# زیندانیانی سیاسی دەبێت دەستبەجێ ئازاد بکرێن.

ن: سەباح کەلاتی(شەماڵ)
2008/4/11
regayazadi@gmail.com

((مرۆڤ مافی ژیانی هەیە وهیچ کەس پێی ڕەوا نیە ئەو ژیانەی لێ زەوت بکات.))

ئێران بووەتە گەورەترین کوشتارگا و زیندانی چالاکانی سیاسی ومەدەنی و حکوومەتی ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەتا ئەمڕۆکە دەسەڵاتی ڕەشی ترس وتۆقاندن وکوشتنی جیابیران بووە. کوردستان لەم نێوانەدا پشکێکی زۆرتری بەرکەوتووە و زیاترین قوربانی داوە. زیاتر لە سەدان زیندانی سیاسی و مەدەنی چ لەکوردستان و چ لەناوچەکانی دیکەی ئێران لەژێر تیغی دڕندانەی ئەشکەنجە ولەسیدارەداندان ومردن هەڕەشەیان لێدەکات.(ئەمە بێجگە لەو کەسانەی لەژێر ناوی جوراوجۆری دیکەدا زیندانی دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن.) ئەمڕۆکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی وەکوو بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە ورزگاری خوازانەی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاری و ...هیتد لەئاستی کوردستان و ئێراندا بوونەتە هۆی ترس ودڵەڕاوکەی ڕژیم و هەرچی بەرەوپێش چوونی ئەم بزووتنەوانە لەئارادا بێت ڕژیم زۆرتر هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ئەدات و لە هیچ جینایەتێك درێغ ناکات و لێرەدایە کە گرتن و بەندکردن و بڕینەوەی سزای لەسێدارەدانی بۆ چالاکانی جۆربەجۆری ئەم بزووتنەوانە گرتووەتەبەر. چالاکانی سیاسی و مافی مرۆڤ و ژنان و چالاکە مەدەنیەکان گیانیان لە مەترسی دایە و پێویستە هەرچی زووتر هەوڵ بدرێت بۆ ئازاد کردنیان.

ماوەی مانگێك لەمەوپێش"زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد" لەزیندانەکانی سەرتاسەری ئێران مانگرتن لەخواردنێکی بێسنووریان ڕاگەیاند و ئەمە بۆ زیاتر لەمانگێکە ئەم زیندانیانە لەمانگرتندان. زیندانیەکان چەند داواکاریەکیان گەڵاڵە کردوە کە دەبێت ئەمانە لەلایەن ڕژیمەوە جێبەجی بکرێن. لێرەدا کۆمەڵێك حیزب و ڕێکخراوی جوراوجۆر لە کوردستان وئێران و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە جیهانیەکان بە نارەزایەتی خۆیان ڕوو لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی خۆیان لە مانگرتنی بەرحەقی ئەم زیندانیانە ڕاگەیاند.

زیندانیەکان لەدۆخێکی دژواردان و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژانەی گیان و لەش لەنێو زینداندا ئەم مانگرتنەیان دەست پێکردوە و دۆخی جەستەیی بەشێك لە زیندانیەکان خراپ ڕاگەیەندراوە. مانگرتنی ئەم زیندانیانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایدیۆلۆژیا و ئەوەیکە سەربە کام حیزب و ڕێکخراوبن ورە و تینێکە بە هەموومان بۆ خەباتێکی زیاتر و شێلگیرانەتر و دەبێت ببێتە ئەزموونێکی لەبیرنەکراوەی ژیانی سیاسیمان. خەباتێك کە ڕزگاری و سەرکەوتنی زۆرێك لە وڵاتان و بزووتنەوە ئازادی خوازانەکانی دەستەبەر کردووە. ئەم شێوە خەباتە، خۆی لەخۆیدا لە لایەك خۆڕاگریە بەرامبەر دوژمن، لە لایەکی تر هێرشێکە و پەلامارێکی کوشندەیە بۆسەر دوژمن و دەتوانێت دەستکەوتێکی زۆرتری بەدواوە بێت.

بۆیە خەباتی ئەم زیندانیانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە چ جۆرە بیروبۆچوونێکیان هەبێت، پێویستی بە یارمەتی وپشتیوانی هەموومان هەیە و دەبێت هەرچی زیاتر ڕێکخراو بین و بەمانگرتن و خستنە ڕێی کەمپین و کۆڕ و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە شارەکانی کوردستان و ئێرانیش یارمەتی زیندانیەکان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕژیم ناچار بە پاشەکشێ بکەین لەئاست زیندانیەکان و لەئاست مافەکانی خەڵکی سڤیلیشدا. ئێمە دەبێت یەکگرتووانە و بە بایکۆت کردنی ڕژیم و خستنە ڕێی مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازار و ناگوتن بە ڕژیم پێی بڵێین ئەمانە هاوڕێ و کەس و کاری ئێمەن و دەبێت هەرچی زووتر ئازاد بکرێن.

دەبێت وەك خەڵکی خەباتکاری هێند لەسەردەمای خەباتی دژە داگیرکاری بەریتانیادا بەهاواری "بژی شۆڕش، بژی شۆڕش" دیواری زیندانەکان بێنینەخوار و زیندانبانەکان بخەینە لەرزەوە. دەبێت بزانین کە دوژمن پووش و پەڵاشێکە و ئێمە وەك ڕووبارێك واین کە بەرگەی خرۆشمان ناگرێت.

دەبێت بزانین کە خەباتی هەزاران هەزار خەباتکاری شۆڕشگێڕ بوو کە شۆڕشی فەرەنسا و ڕووسیا و چەندەها شۆڕشی دیکەی لەئاستی جیهاندا سەرخست. بەخەباتی سیاسی و مەدەنی و هەرشێوە خەباتێکی ئینسانیانەی دیکە کە بتوانێت بزووتنەوە دیموکراتیکەکان بە سەرکەوتن بگەیەنێت دوژمن بەچۆکدا بێنین، ئەوە مێژووە کە ئێمە فێردەکات دەبا ئێمەش بتوانین مێژوو بخولقێنین. ئێمە چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت کەس و کار و ڕۆڵەکانی ئێمە لە زینداندا دەستیان داوەتە کارێك کە ئێمەش پێمان ناخۆشە ئا وەها لەودۆخەدان، وەرن باسبەی ڕۆژ بۆمان شانازی بێت

کەهاوڕیانمان لەزیندان بەتەنیا بەجیٚ نەهیٚشت وتوانیمان بەپشتیوانی و هاوکاری خۆمان لانی کەم ئازاری ئەشکەنجەی دەروونی و تەنیایی زیندانیان ساڕیٚژ بکەین.

دیارە بەداخەوە کۆمەڵگای ئیٚمە هیٚشتا گەلیٚك میٚشکی پەسیوی تیٚدایە کە ناتوانیٚت گۆڕان ببینیٚت و لەجیٚگای بزووتن بەرەو پیٚشەوە بەربەست دەخاتە بەردەم خۆی بۆ ئەوەیکە نەجووڵیٚت و داتەپینی لەجیٚی خۆی کردووتە پیشەیەك کە بۆگەنی مرۆڤ قڕدەکات، سەیر لەوەدایە کە ئەم بۆگەنە لە ناو لاکیٚکەوە دیٚت کە گوایە جەستەی زانست و مەعریفەیە و چمەس ئەمە تەنیا ئەوە کە دەزانیٚت کە ئەوگۆڕانە لەکویٚدایە و نازانیٚت ئەمە ئەوە کە گۆڕان بەرەو دواوە دەکات و بۆ سەردەمانی تاریکی دەگەڕیٚتەوە!!! بۆیە ئەم میٚشکە پەسیوە دەست دەکاتە شکاندنی دڵی ئەو ڕۆڵانەی کە بە قوربانی کردنی گیانی خۆشیان بەرەو پیٚشەوەمان دەبەن و خەباتی ئەم تیٚکۆشەرانە بە دواکەوتووانە نیٚو دەبات و بە ڕاگەیەندراویٚکی شەرمەزارانە مەحکوومی دەکات.

لیٚرەدا چەند بەشیٚك لە نامەیەکی جەواهیٚر لەعل نەهرۆتان وەك وانەی خەباتکاریٚکی زیندانی کە پیٚشکەشی ئیٚمەی کردووە، پیٚشکەش دەکەم کە لەکتیٚبی "چاوخشانیٚك بەسەر میٚژووی جیهاندا" کە لە کاتی زیندانی بوونی خۆی لەلایەن بەریتانیاوە لە زینداندا بۆ کچەکەی نووسیوە:

((ئەمڕۆ کاتیٚك ویستم نامەکەمت بۆ دەستپیٚبکەم دەنگانیٚکی لاواز و ناڕوونم کە لە شریخەی چەخماخەیەکی دوورە دەست دەچوو بەرگویٚ کەوت. سەرەتا نەمدەتوانی بزانم ئەم دەنگانە چین. بەڵام دەنگدانەوەیانم بۆ ناسراو بوو و دەتگوت ڕەنگدانەویانم لە دڵی خۆمدا دەبیست. هیٚدی هیٚدی ئەو دەنگانە نزیك و نزیکتر دەبووە و تین و تەوژمیان زیاتر دەبوو. بەخیٚرایی ئیدی ڕاڕایەکم نەماوە کە ئەو دەنگانە چیە!

خەڵکانیٚك هاواریان دەکرد:"بژی شۆڕش!" "بژی شۆڕش!" بەندیخانە لەم هاوارە خەباتخوازانەیە دەهەژا و دڵەکانمان لە بیستنیان شادمان ببوون. نەمدەزانی چ کەسانیٚك بوون کە ئەم هاواری شەڕ و دروشمی خەباتی ئیٚمەیان بەم نزیکیە لە دەرەوەی بەندیخانەوە بانگەواز وهاوار دەکرد. هەروەها نەمدەزانی کە ئەمڕۆ بە چ بۆنەیەکەوە وەها خوپیشاندانیٚك هاتووەتە ئاراوە. بەڵام ئەوانە هەرکەس کە بوون ئیٚمەیان شادمان کردەوە و ئیٚمە وەڵامی بیٚدەنگیمان هەنارد بۆ سڵاوەکەیان کە لەگەڵ ئاواتەکانی چاکە و هیوای سەرکەوتنماندا هاوڕیٚ بوو.))

((لەدنیایەکی زیندوودا هیچ شتیٚك ناتوانیٚت نەگۆڕ بمیٚنیٚتەوە. سەرانسەری سروشت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ و خولەك دوای خولەك جیٚگۆڕکی دەکات و گۆڕان وەردەگریٚت. تەنیا مردووەکانن کە گەشە ناکەن و بیٚدەنگ و بیٚجوڵە دەبن. ئاو تا کاتیٚك کە لە گەڕ و لە جووڵاندایە نویٚ و خاویٚن

دەمێنێتەوە. گەر ڕایوەستێنین هێدی هێدی زایە وبۆگەن دەبێت، ژیانی مرۆڤ و ژیانی نەتەوەیەکیش وەهایە. ئێمە چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت پێردەبین.
ئێمە دەبێت خۆمان لەگەڵ ئەم ئاڵووگۆڕانەدا هاوڕێ بکەین. بەڵام کەسانێکی زۆریش هەن کە نایانەوێت وەرگرن و قبووڵ بکەن کە دنیا لەگۆڕاندایە. ئەوانە بیری خۆیان چەقبەستە و مێشکیان قفڵ دراو ڕادەگرن و ئیزن نادەن کە هیچ بۆچوونێکی نوێ ڕێ بکاتە نێویانەوە. هیچ شتێك بەڕادەی بیرکردنەوە ئەوانە ناترسێنیت.))

لەکۆتاییدا من پشتیوانی خۆم لەخواست و مانگرتنی"زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد" و ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی دیکە لە زیندانەکانی ئێران ڕادەگەیەنم و داواش لەخەڵکانی ئازادی خواز و شۆڕشگێڕ دەکەم کە بەپشتیوانی خۆیان بواری ئازادی زیندانیان خۆش بکەن. بەو هیوایەی کە ڕۆژێك دابێت زیندانەکان بکرێنە خوێندنگە و شوێنی فێربوونی زانستی مرۆڤ دۆستی و پەتی سێدارەکانیش پەتی هەڵواسینی دیکتاتۆریەتەکان بن لە مۆزەخانەکاندا.

سەرکەوێ خەباتی زیندانیانی مانگرتوو

بژی شۆڕشی چەوساوەکان بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە